# گەنجان؛ کلیلی هەڵبژاردنی داهاتووی هەرێمی کوردستان

25-06-2023

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو


**کورتە :** بەگوێرەی راپرسییەکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، زیاتر لە 72%ی گەنجان دەیانەوێ بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن ئەگەر مافی دەنگدانیان هەبێت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە رێژەی گشتی بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا لە ئاستێکی زۆر نزمتردا بووە.


بەگوێرەی راپرسییەکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، زیاتر لە 72%ی گەنجان دەیانەوێ بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن ئەگەر مافی دەنگدانیان هەبێت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە رێژەی گشتی بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا لە ئاستێکی زۆر نزمتردا بووە.

کەمیی رێژەی گشتی بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکان، هەروەها بەرزبوونی ژمارەی گەنجان لە هەرێمی کوردستان وادەکات کە رۆڵی ئەوان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستاندا یەکلاکەرەوە بێت.

لە راپرسییەکەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداودا کە تایبەتە بە دیدگای گەنج لە هەرێمی کوردستان-2023 رێژەی 72.7%ی گەنجانی هەرێمی کوردستان دەیانەوێ بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن ئەگەر مافی دەنگدانیان هەبێت و رێژەی 27.3%یان نەیانویستووە دەنگ بدەن. ئەم رێژەیەش لەسەرووی رێژەی گشتی بەشداریکردنی خەڵکە لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە 59% بوو. هەروەها نزیکەی 30%یش زیاترە لە رێژەی بەشداریکردنی گشتی خەڵك لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی 2021ی پەرلەمانی عێراق.

لەو راپرسییەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداودا کە لە حوەزیرانی ئەمساڵ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، ، بۆ دەستخستنی وێنایەکی گشتی لەسەر دیدگای گەنج لە هەرێمی کوردستان لە سەبارەت بە پرسە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، چاوپێکەوتنی راستەوخۆ لەگەڵ 1122 کەس کراوە کە تەمەنیان لە نێوان 15-29 ساڵ بووە. خواستی بەشداریکردنی گەنجانی 15-24 ساڵ لە هەڵبژاردن71.3% بووە و ئەو رێژەیە لە گرووپی گەنجانی تەمەن24-29 ساڵ بەرزتر بووە و گەیشتووەتە 73.9%.






هەر بەپێی ئەنجامەکان، کچان و ژنانی گەنج زۆر زیاتر لە کوڕان و پیاوانی گەنج حەزیان لە دەنگدان و بەشدارییە لە هەڵبژاردن بە ڕێژەی 77.9%ەوە، 8.5% لە ڕێژەی ئەو کوڕ و پیاوانە زیاترە کە حەز دەکەن بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن ئەگەر مافی ئەو کارەیان هەبێت.

بەرزترین ئاستی خواستی بەشداریکردنی گەنجان لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانە بە ڕێژەی 98%، بەدوای ئەویشدا زاخۆ بە 86% و هەولێر 79.5% دێت. کەمترین خواستی بەشداریکردنیش لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیانە بە 48.8% و بەدوای ئەویشدا پارێزگای سلێمانی بە

52.3% دێت. ئەو ڕێژەیە لە هەڵەبجە 59.5% و لە ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕینیش 63.3% بووە. بە گشتی خواستی بەشداریکردنی گەنجان لە شارە گەورەکاندا کەمترە لە شوێنانەکانی دیکە و ئەو ڕێژەیەش71.3%ی ژینگەی شارنشین بە78.2%ی گوندنشین بووە.